ئەو شاعیرە ئۆکرانییەی کە **59** ساڵ بەر لە ئێستا، بە کورد دەڵێت; شۆڤینیزم، خراپترین دوژمنی هەردوو گەلی کورد و ئۆکرانییە.






نووسینی: جوان عومەر ئەحمەد



هۆنراوەی بۆ برا کوردەکانم  (Курдському братові ) 59 ساڵ بەر لە ئێستا لەلایەن شاعیری بەناوبانگی  ئۆکرانی، یان باوکی ئەدەبیاتی  ئۆکرانی، ڤاسیل سیمۆنێنکۆ (Василь Андрійович Симоненко،Vasyl Symonenko ) لە مارسی ساڵی 1963 هوە نووسراوە و ساڵی 1965 لە سەمیزدات (Samizdat) بڵاوکراوەتەوە. سەمیزدات، تێرمێک بووە لە ( Soviet dissidents) و ئەگەر وەرگێرانی وشەیی بۆ بکەین، دەکاتە بڵاوکراوەی خۆی (النشر الذاتي). ئەم بڵاوکراوەیە زیاتر دەستنووس بووە، یان بە شێوەی  کۆپی کۆپیکراو پەخش کراوە، تا خۆی لە مۆڵەت و  سانسۆری یەکێتی سۆڤیەت رزگار بکات. بڵاوکراوەکە بە نهێنی نووسراوەکانی بڵاوکردووەتەوە. وشەی سەمیزدات لە رووی ئیتیۆمۆلۆژییەوە، بە واتای: سام، یان خود دێت. هەربۆیە زۆرێک لە بیروراکان بە بڵاوکراوەی خودی، یان خۆیی ناویان بردووە. بە بۆچونی شاعیری بەناوبانگی رووسی (نیکۆلا گلاسکۆڤ)، سەمیزدات واتە: بڵاوکراوەی نهێنی.

لە دوای کۆچی دوایی (ڤاسیل سیمۆنێنکۆ) لە گۆڤاری سوچاسنیست، یان زوخئاسنێست (Suchasnist) لە لاپەرە 10دا ئەم ناوەرۆکە بڵاوکراوەتەوە.

"کورد کۆمۆ براتۆڤی" بە یەکێک لە گەورەترین کارەکانی ڤاسیل سیمۆنێنکۆ وەسف کراوە و سیمۆنێنکۆی کردووە بە پاڵەوانی نەتەوەیی و یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەدەبی ئۆکرانی،  ئەم هۆنراوەیەیەتی کە  لە لوتکەی  جەنگی نێوان ئێراق و کورددا دەرکەوتووە، کاتێك یەکێتی سۆڤیەت تێیدا بەشدار بوو. لە ساڵی 2008دا کۆبەرهەمەکانی ڤاسیل سیمۆنێنکۆ دووبارە چاپکرایەوە و لە لاپەڕە22 دا، (بۆ برا کوردەکانم)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

هۆنراوەکەی ڤاسیل سیمۆنینکۆ، شەش ستانزای (چوارینە)یيە و لە چوارینەی یەکەمدا، بە پێناسەی شۆڤێنیستەکان دەست پێدەکات کە خاکی کورد داگیر دەکەن. لە چوارینەی دووەمدا، سیمۆنێنکۆ داوا لە کوردەکان دەکات و هانیان دەدات تا شەڕ لەگەڵ داگیرکەر و ستەمکاردا بکەن، کە ئامانجیان بنبڕکردنی زمانی کوردی و گەلی کوردە. لە چوارینەی کۆتایشدا سیمۆنێنکۆ وشەی 'ئێمە' دەناسێنێت و دووپاتی دەکاتەوە کە شۆڤێنیزم و فێڵ و تەڵەکەکانی لە خراپترین دوژمنەکانی هەردوو گەلی کورد و ئۆکراینییەکانن.




هەڵبەت وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی و بەتایبەتیش بە زمانی ئۆکرانی نووسرابێت ( کە من شارەزای ئەو زمانە نیم و بەکاری خۆمی نازانم) ئاراستەی کار و شارەزایی ئەو خوێندکارە کوردانەی دەکەم کە زمانی ئوکرانی دەزانن و لە یەک لە زانکۆکانی ئەوێ دەخوێنن. ئەوەی دەتوانم لێرەدا پێشکەشی بکەم، دەقی هۆنراوەکەیە بە زمانی ئۆکرانی لەبەرانبەر زمانی ئۆکرانی لەسەرچاوەکاندا، وەرگێرانە کوردییەکەم دەستکەوت کە بە تیپی لاتینی نووسراوە.

لە ساڵی 1968 مامۆستایەکی کۆلێژی کشتوکاڵ بە ناوی (میکۆلا کۆتس) بە حەوت ساڵ لە ئۆردوگا و پێنج ساڵ لە تاراوگە سزا درا، پاش بڵاوکردنەوەی کۆپی هۆنراوەکە کە تێیدا وشەی کوردی بە ئۆکرانی گۆڕیبوو.

Курдському братові

Волають гори, кровію политі,
Підбиті зорі падають униз:
В пахкі долини, зранені і зриті,
Вдирається голодний шовінізм.
О курде, бережи свої набої,
Але життя убивців не щади.
На байстрюків сваволі і розбою
Кривавим смерчем, бурею впади.
Веди із ними кулями розмову:
Вони прийшли не тільки за добром,
Прийшли забрати ім'я твоє, мову.
Пустити твого сина байстрюком.
З гнобителем не житимеш у згоді:
Йому «панять», тобі тягнути віз.
Жиріє з крові змучених народів
Наш ворог найлютіший — шовінізм.
Він віроломство заручив з ганьбою,
Він зробить все, щоби скорився ти.
О курде! Бережи свої набої —
Без них тобі свій рід не вберегти.
Не заколисуй ненависті силу,
Тоді привітність візьмеш за девіз,
Як упаде в роззявлену могилу
Останній на планеті шовініст.

1963.

Ji birayê kurd re

Çiya, axa wan bi xwîn avdayî, bang dike, bi gurmîne,
Û, birîn, stêrk ber bi bêbiniyê ve dikevin,
Di nav newalên bîhnxweş, şopbirîn û birîndar,
Dagirker tê, şovenîzma birçî.
O, Kurdo, niha guleyên xwe biparêze, lê meraq neke
Jiyana kujeran bê parastin!
Li ser van bêbavên tecawizkar, diz û talanker,
Weke bahozeke xwînê, bi ser wan de bikeve li wir!
Bila tenê gulle bibe bersiva wan:
Ji bo eşyayên we bi tenê bidizin, ew nehatin,
Hatin nijad û zimanê te ji holê rakin,
Û kurê te bikin bêjî/kurê heram.
Hûn ê bi zalim re li hev nekin,
Ew ê "Bajo/hukum bike" û hun ê erebanê bikşînin
Û li ser xwîna miletên êşkencekirî geş dibe
Qelew dibe dijminê me yê herî xirab, şovenîsm,
Bi şerm û bi bêbextî tevdigere, ew plana wî ye
Da ku we hemûyan bikin mirîşkeke nefsbiçûk
O, Kurdo, guleyên xwe biparêze, tu bi ser nakevî
Bêyî wan neteweya xwe biparêzî. Wiha
Ji ber vê yekê hêza nefretê xew nekin
Gotina "Bixêr hatî" di druşm û ferhenga we de nebe,
Heya gor/qebr li wir jibo wî vekirî be, li bendê be,
Dikeve şovenîstê dawî li ser vê planêtê/gerstêrkê.

1963

سڤیلانا کۆبتسی مامۆستای وێژە و زانستە مرۆییەکانە لە زانکۆی تۆرۆنتۆ، هەڵگری بڕاوانامەی دکتۆرایە لە زمانی سلاڤی لە زانکۆی ئیرینۆس، توێژینەوەکانی تایبەتن بە ئەدەب و کەلتوری ڕووسی، ئۆکرانی و بەراوردکاری ئەدەبیاتی ڕیالیزم بە ئینگلیزی و جیهانی. سڤیلانا کۆبتسی باس لەوە دەکات کە هۆنراوەکەی سیمۆنێنکۆ بووبووە سیمبوڵی زیندووکردنەوەی بیری نەتەوەیی و بەرگری لە چەوساندنەوەی سۆڤیەت، کاتێک هۆنراوەکە بەنهێنی بڵاو کرایەوە، پەیوەندی

بەخواستەکانی ئازادکردنی ئۆکرانیا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هەبوو و وەرگرتنی سیمۆنێنکۆش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد واتایەکی جیهانی بەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئۆکرانی بەخشی.

سیمۆنێنکۆ خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هاوشێوەیی مێژوویی پێویستە، چونکە تاوانباری باو شۆڤێنیزمە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ئۆکرانییەکان سەبارەت بە بێ دەوڵەتی، ئەگەر شەڕی ڕژێمی سۆڤیەت نەکەن لە هەمان دۆخی کورددا کۆتایی پێ دێت!

**ڤاسیل سیمۆنینکۆ (Vasyl Symonenko)**



لە 08-01- 1935 لە گوندی بیڤیتسی، خارکیف لەدایک بووە. شاعیرێکی ناسراوی ئۆکرانی، ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی بزووتنەوەی نارەزای بووە. بە یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەدەبی ئۆکرانی سەرەتای 1960 دادەنرێت. بەڕای مۆزەخانەی بزووتنەوەی نارازی لە کیف، کارەکانی ڤاسیل سیمۆنێنکۆ کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دیموکراتیی نەتەوەیی لە ئۆکرانیادا.

ڤاسیل لە خێزانێکی جوتیار لە گوندی بیڤیتسی، خارکیف ئۆبلاست(Biyivtsi, Kharkiv Oblast) (ئەمڕۆ - پۆڵتاڤا ئۆبلاست) لەدایک بووە.

پاش تەواوکردنی خوێندن، لە زانکۆی ویلایەتی کیف لە ساڵی 1957، لە چەندین ڕۆژنامە جیاواز لە هەرێمی چەرکەسی ئۆبلاست کاری کردووە.

یەکەمین پەرتووکی شیعری بەناوی (بێدەنگی و هەورەبروسکە "Silence and thunder" ) لە ساڵی 1962دا بڵاوکراوەتەوە و بەهرەی سیمۆنێنکۆی لە ناو شاعیرە لاوەکاندا ئاشکرا کردووە.

لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنیدا، ڤاسیل سیمۆنێنکۆ پەرتووکی دووەمی بە ناوی (هێزی ڕاکێشانی زەوی) (Earth’s gravity) چاپ کرا.

سیمۆنێنکۆ لە ساڵی 1963 لەلایەن کارمەندەکانی میلیتسیا پۆلیس و سوپای ئەوکاتی یەکێتی سۆڤیەت، لە وێستگەی شەمەندەفەری سمێلا (Smila) زۆر بە توندی ئەشکەنجەی دەدرێت و ئەم کارە دەبێتە هۆی سستبوونی گورچیلەکانی و دواجار بە هۆی وەستانی گورچیلەکانییەوە لە نەخۆشخانەی ناوخۆیی لە 13ی کانوونی یەکەمی 1963 کۆچی دوایی دەکات.



پاش کۆچی دوایی، هۆنراوەی (گەشتکردن بۆ وڵاتی بە پێچەوانەوە) لە ساڵی 1964دا بڵاوکرایەوە.

بە پێزترین کۆکراوەی کارەکانی سیمۆنێنکۆ لە دەرەوەی وڵات، بە ناونیشانی "Ччы" لە میونشن (1963) بڵاو کراوەتەوە.

لە ساڵی 1967 خانەی بڵاوکردنەوەی "سمۆلۆسکیپ" لە بالتیمۆر کە لەلایەن کۆچبەرانی ئۆکرانییەوە دروست کراوە، بەناوی ناوی ڤاسیل سیمۆنێنکۆی ناونراوە.

لە کانوونی یەکەمی 2008دا، بانکی نەتەوەیی ئۆکرانیا، دراوێکی یادکردنەوەی "ڤاسیل سیمۆنێنکۆ" لە زنجیرەی کەسایەتییە دیارەکانی ئۆکرانیا بە ناوی ئەمەوە دەرکرد.

**سەبارەت بە لەیەکچوونی شۆڕشی ئۆکرانیا و کورد:**

لە 13 ئابی ساڵی 2004 لە ڕادیۆی سڤۆدا (Svoboda) ئۆکرانی بەرنامەیەکی تایبەت سەبارەت بە لەیەکچوونی کورد و ئۆکرانی لەلایەن ڤۆلۆدیمیر لیاشکۆ (کە هەر خودی خۆی پێشکەشکار و ئامادەکاری پرۆگرامەکە بوو، پێشکەش کرا.

ڤۆلۆدیمیر لیاشکۆ (Volodymyr Lyashko) بەوردی پێناسەی کورد و نەهاماتییەکانی و مێژوو و شۆڕشە یەکلەدوایەکەکانی کوردی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە کوردیش هاوشێوەی ئۆکرانییەکان لە 200 ساڵی ڕابردوودا بەئێستاشەوە بەردەوام شەڕی زمان و کەلتوور و خاکی کردووە.

ڤۆلۆدیمیر لیاشکۆ، ئاماژەی بەوە کرد کە دەرئەنجامی جەنگ و ئاوارەبوون و داگیرکاری کوردانێکی زۆری ئاوارەی وڵاتانی دنیا و بە تایبەتریش ئەوروپا کردووە. لە وڵاتی ئۆکرانیاش بە پێی سەرژمێرییەکانی ساڵی 2001  زیاتر لە 2088 کەس خۆیان بە کورد ناساندووە کە هەندێکیان بە زمانی ڕووسی گفتوگۆ دەکەن.

لە هەمان پرۆگرامدا، ڤۆلۆدیمیر بانگێشتی  عەلی ئاتی (Atti Ali)  نوێنەری دیاسپۆرای کوردی لە ئۆکرانیا کردبوو، ئەویش ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئێستادا زیاتر لە 25 هەزار کورد دانیشتووی ئۆکرانیان، بەڵام هیچ سەرچاوە و ئامارێکی فەرمی نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی. کوردەکان زیاتر دانیشتووی شارەکانی: میکولایف، خەرسۆن، ئۆدیسا، سیمفەرۆپۆل و دەژانکان.  کورد لە خارکیف و کیف کورد زۆرە. بە پێی خەمڵاندنەکانی عەلی، زیاتر لە هەزار کورد لە کیف دەژین. لە درێژەی قسەکانیدا عەلی تیشکی خستەسەر جێگیربوونی کوردانێکی زۆری باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان  و تێدا بەڕوونی باسی لە زەمینە نەتەوەییەکان کرد کە بوونەتە هۆکارێک بۆ نیشتەجێبوونی کوردەکان و هاتنیان تەنانەت لە جۆرجیا و ئەرمینیاوە بۆ ئۆکرانیا. هەروەها باسی لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و کۆنسێرتەکان کرد کە کوردێکی زۆر ئامادەی دەبن. لە کۆتاییشدا عەلی سوپاسی ڕادیۆی سڤۆدا (Svoboda) کرد کە گرنگییان بە نەتەوەکەی داوە و بەرنامەیەکی تایبەتییان لەسەر ئامادە کردووە.

هەروەها لە 4 حوزەیرانی ساڵی 2003 عەلی ئاتی لە چاوپێکەتنێکی تردا کە سەبارەت بە دۆزی کورد لە لایەن سەرنووسەری ڕۆژنامەی خرێشاتیکەوە ئامادە کرابوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە دۆزی ئەم دوو نەتەوەیە و سەربەخۆ نەبوونی کورد دۆخێکی ئێجگار ئاڵۆزە و پەیوەستە بە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەند و ڕێککەوتنی هەر چوار وڵاتی داگیرکەر (ئێراق، ئێران، تورکیا و سوریا)وە. هەر بۆنموونە من وەک کوردێکی ڕۆژئاوای وڵات، گەر بمەوێت لە زانستگایەکی وڵاتی سوریا بخوێنم، دەبێت وەک عەرەب تۆمار کرابێتم نەک کورد!



عەلی ئاتی (Atti Ali) سەرۆکی دیاسپۆرای کوردی لە ئۆکرانیاKurdish Diaspora in Ukraine .

عەلی ئاتی: لە ساڵی 1965 لە شاری کۆبانی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی 1986 بۆ خوێندن چووەتە یەکێتیی سۆڤێتی جاران. عەلی لە خێزانێکی جوتیار چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و خاوەنی پێنج برا و چوار خوشکە. لە وڵاتی دایک ساڵی یەکەمی کۆلێژی یاسای خوێندووە و دواتر چووەتە کیف و لەوێ لەبەر بوونی ئارازوی بۆ ماتماتیک، بڕیاری گۆڕینی کۆلیژەکەیداوە و لەدوای خوێندنی زمانی ڕووسی، کۆلێژی ئەندازیاری فڕۆکەی تەواو کردووە. ساڵی 1993 دکتۆرای لە زانکۆی کییف بەدەست هێناوە. عەلی لە ساڵی 1987 هاوسەرگیری لەگەل کچێکی کورد کردووە و هەر لە کێیف نیشتەجێیە و و خاوەنی دوو کیژۆڵەن بە ناوەکانی: سیڤان و ئارین.

تێبینی:

**مێژوی کۆچی کورد و نیشتەجێبوونیان لە ئۆکرانیا بە پێی داتا فەرمییەکانی ئۆکرانیا:**

بەپێی سەرژمێریی کیف لە 16ی ئازاری 1919دا، 2 کورد لەو شارەدا ژیاون کە بە شێوەزاری کرمانجی قسەیان کردووە. هەروەها بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1926ی ئۆکراین، تەنها یەک کورد هەبووە کە ئەویش نیشتەجێی یەکێک لە گوندەکان بووە. بە تێپەربونی کات، ژمارەی کورد لەئۆکرانیا زیادی کرد بەڵام بێبایەخ مایەوە تا سەربەخۆیی ئۆکرانیا کە ژمارەیان نزیکەی 50-250 بوون بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1939، 90 کورد لە ئۆکراین ژیاون

بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1959ی ئۆکرانیا ، 65 کورد لەو وڵاتە نیشتەجێ بوون.

بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1970، 117 کورد لە ئۆکرانیا ژیاون.

بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1979، 122 کوردی لێ بووە.

بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1989 کوردەکان ژمارەیان 238 و 132 یان (55.46٪) کورد بە زمانی دایکی گفتوگۆیان کردووە ، 77 (32.35٪) - ڕووسی، 13 (5.46٪) - ئۆکرانی، 16 (6.72٪) - زمانەکانی تر بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1989 لە کۆی 238 کورد 151 (63.45٪) و 87 ژن (36.55٪) بووە 179 کەس (75.21٪) لە ناوچە شارستانییەکاندا ژیاون، 59 کەس (24.79٪) لە گوندەکاندا. هۆکاری هەڵئاوسان و زیادبوونی ژمارەی کوردەکانی ئۆکرانیا بەپێی سەرژمێری ساڵی 1989 بەبەراورد لەگەڵ سەرژمێری ساڵی 1979دا لێشاوی ئاوارە ئەرمەنییەکان بوون. لەدوای بوومەلەرزەی سپیتاکی ساڵی 1988 کە ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان هەژاندبوو، سەرەڕای ئەوەش لێکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت ئاسانکاری کرد بۆ کۆچکردنی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووەوە بۆ ئۆکرانیا. زۆربەی کوردە ئێزیدییەکان بە شەپۆلێکی تری پەنابەران هاتن بۆ ئۆکرانیا لە ئەنجامی یەکەم جەنگی ناگۆرنۆ - کەراباخ لە ساڵی 1993 کە لە ناوچەکە ڕووی دا، کە لە مێژوودا بە کوردستانی سوور ناسراوە، ئەم شەپۆلەی کۆچکردن هەردوو کوردی موسڵمان و ئێزدی لەخۆ گرتبوو.

**ژمارەی کوردانی ئۆکرانیا بەپێی هەرێم بەپێی سەرژمێریی ساڵی 2001**

لەماوەی ساڵانی سەربەخۆیی ئۆکرانیادا چەندین جار دیاسپۆرای کوردی گەشەی کردووە. بەپێی سەرژمێریی ئۆکرانی ساڵی 2001، 2088 کورد لە ئۆکرانیا ژیاون (0.004٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە)، کە نزیکەی 10 جار زیاترە لە دوایین سەرژمێری ساڵی 1989. بەپێی سەرژمێریی ساڵی 2001، 1173 کوردی ئۆکرانیا (56.18٪)، ئۆکرانیا - 236 کەس (11.30٪)، ڕووسی - 396 کەس (18.97٪)، زمانەکانی تر - 278 کەس (13.31٪) زۆربەی کوردەکان بەپێی سەرژمێرییەکە لەناوچەی لوهانسک ژیاون (470 کەس کە 22.51٪ ی هەموو کوردەکانی ئۆکرانیان) کە 200 کەس لە شارۆچکەی دۆڤژانسکی (1.41٪ ی دانیشتووانی شارۆچکەبوون)

لە 28ی ئەیلولی 1995، کۆمەڵەی ڕێکخراوە گشتییەکانی کورد "(AKGO "MIDIA") "MIDIA بە فەرمی لە کیف دامەزرا.

جگە لە کورد، ئێزیەدییەکانیش وەک گروپێکی کەمە نەتەوەی سەربەخۆ خۆیان دەناسێنن و لە هیچ کام لەو سەرژمێریانەدا خۆیان بە کورد ناوزەند نەکردووە و لە ئامارەکاندا ئاماژەیان پێ نەکراوە.

لە کاتێکدا ئەوان پەیڕەوی ئاینی ئێزیدی دەکەن و بە شێوەزمانی کرمانجی کوردی دەئاخڤن.

لە کۆتایدا بەهیوام توانیبێتم هەندێک بەرچاو رونی و زانیاری سەبارەت بە مێژوی پەیوەندی کورد و ئۆکراینیا بە خوێنەران گەیاندبێت، هیوای ئاشتی و ئاشتەوایی بۆ گەلی کورد و بۆ سەرجەم گەلانی دوونیا و گەلی ئۆکراینیا ئەخوازم.